

## بۆ یەکەم جار خانمێک دەبێتە سەرۆکی زانکۆ

# هاووڵاتیان بە گەرمی پێشوازی لەو بڕیارە دەکەن

بە فەرمانی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کۆتایی مانگی رابردوو (٢٠١٩/٩/٢٦)، بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستاندا خانمێك پۆستی سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجەی وەرگرت. هاووڵاتیانیش دوای دەست بەکاربوونی پ.ی.د.مەهاباد کامل عەبدوڵا وەك سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، بە گەرمی پێشوازی لەو بڕیارە دەکەن و بە رچەشکێنی و بەهادانی زیاتر بە تواناکانی خانمان لە قەڵەمی دەدەن. بەشدار بووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە را و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا (١٦) زانکۆی حکومی هەیە، کە دابەش بوون بەسەر شارەکانی کوردستاندا، هاوکات دو دەستەو ئەنجومەنێکی حکومیش هەیە، کە ئەوانیش بەپێی پسپۆڕی کارەکانیان رایی دەکەن:

بەهەمان شێوە لەبەر ڕۆشنایی یاسای زانکۆ تایبەتەکان کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، تا ئێستا (١٩) زانکۆی تایبەت لە شارەکانی کوردستان کراونەتەوە.

لە نووسراوێکدا کە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٦ دەرچووە و وێنەیەکی دەست گوڵان کەوتووە و واژووی مسرور بارزانی (سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان) ی لەسەرە، تێیدا هاتووە: «پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە ٤٩ی لە ٢٠١٩/٨/٢٨، بڕیارماندا بە دانانی بەڕێز (پ.ی.د.مەهاباد کامل عەبدوڵا) بە سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە.» ئەو فەرمانەی سەرۆك وەزیران ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە ناو میدیا و شەقامی کوردیدا هەبوو.

هەر لەو بارەیەوە د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دەڵێت: «بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسرور بارزانی، ئافرەتێك وەك سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە دەستنیشان کرا، ئەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەت جێگای دەستخۆشی و پێزانینە لەلایەن ئافرەتانی کوردستانەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەك پێویست ئافرەت نەگەیشتووە بە شوێنی بڕیاردان لە سەرکردایەتیکردنی ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان، سەرەڕای بوونی ئافرەتی ئەکادیمی و بەتوانا و خاوەن پسپۆڕی و سەرەڕای ئەوەی بە پێی ئامارێك لە ساڵی ٢٠١٨ لە بواری خوێندنی بەکالۆریوس کچان ڕێژەی ٥٢٪ پێکدەهێنن، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی دامەزراوە ئەکادیمییەکان ئەم ڕێژەیە ڕەنگی نەداوەتەوە و تائێستا دەرفەتی یەکسان بۆ ئافرەتانی ئەکادیمی نەڕەخساوە، تا توانای خۆیان بسەلمێنن لەو بوارە گرنگە. ئەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەت بەردەوامیدانە بە کارکردن بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە سەرجەم بوارەکان کە چەندین ساڵە حکومەتی هەرێم کاری لەسەر دەکات و هەنگاوێکە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی کەلێنی جێندەری لە پێگەی بڕیاری ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی کوردستان و دەرکەوتنی سەرکردەی ئەکادیمیی ئافرەت و هەنگاونانە بە ئاراستەی ڕەوتی شارستانی و مرۆڤایەتی لە جیهاندا، وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێز پ.ی.د.مەهاباد کامل عەبدوڵا کە ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگەی وەرگرتووە.»

دارا محەمەد عەلی وەزیری پێشووی حکومەتی هەرێم بووە و قوتابیی دکتۆرایە و سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات، «دانانی ئافرەتێك وەك سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە هەنگاوێکی زۆر گرنگە و بەشێکە لە مافە سەرەتاییەکانی ئافرەتانی ئەکادیمی کە لە بوارە ئەکادیمییەکان بەرپرسیارێتییان هەبێت، ئەو هەنگاوە بە هەنگاوێکی پێویست دێتە هەژمارکردن، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان نیوەی زیاتری خوێندکاران کچانن، کاتێك سەرۆکی زانکۆ ئافرەت بێت، ئەوە دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ کچانی خوێندکار کە بۆ پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونیان لە ڕەوتی خوێندن و زانست زیاتر متمانەیان بە خۆیان هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو زۆرێك لە خانمانی ئەکادیمی سەرۆك و لێپرسراوی زانکۆکان بن.» هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە کەمیی ڕێژەی ئافرەت لە ناوەندە ئەکادیمییەکان کێشەیەکی جیهانییە و تەنیا ١٨٪ی دامودەزگا زانستییەکان بەرپرسەکانیان ئافرەتن، لە وڵاتانی عەرەبی ٧٪ی بەر ئافرەت کەوتووە. ئەگەر سەیری داتاکان بکەین، دەبینین زۆرترین بەرپرسی ئەکادیمی و زانستی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە ڕێژەی ٣٠٪ ی ئافرەتانن، واتە لەوێش ڕێژەکە کەمە و هێشتا نەگەیشتۆتە ٥٠٪. بۆ هەرێمی کوردستانیش ئەمە هەنگاوێکی گرنگە و هیوادارم شتی باشتر و کاری گەورەتری بەدوادا بێت، بۆ ئەوەی کچان ئینجا ژنان بتوانن ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگە بە سەرکەوتویی بگێڕن، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا ئەو لایەنانە لەبیر نەکات کە ئافرەت دەتوانێت تێیدا ڕۆڵی کارا ببینێت.»

بەهار عەلی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی، ڕایوایە: پێدانی پۆستی سەرۆکی زانکۆ بە ئافرەتێك، دەستکەوتێکی دیکەیە کە ئافرەتانی کوردستان بەدەستیان هێناوە. هاوکات دەڵێت: «وەکو ڕێکخراوی ئێمە بۆ پرسە مرۆییەکان و چەند ڕێکخراوێکی دیکە لەوانە ڕێکخراوی ئاشتیی ژنان، زۆر دەمێکە کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەین، کە بۆچی دەبێت لەم هەموو زانکۆیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، ئافرەتێك سەرۆك نەبێت؟ لە کاتێکدا ئێمە دەیان ژنمان هەیە کە هەڵگری بڕوانامەی بەرزی دکتۆرا و پرۆفیسۆرن، خۆشبەختانە ئەو هەنگاوە گرنگەی حکومەت تەکانێکی دیکە بە بزووتنەوەی فێمەنیستی لە کوردستان دەدات، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگە بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ژنانیش دەتوانن سەرکەوتووانە ئیدارە و سەرۆکایەتیی دامودەزگا گرنگەکان بکەن.»

**ئەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەت بەردەوامیدانە بە کارکردن بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە سەرجەم بوارەکان کە چەندین ساڵە حکومەتی هەرێم کاری لەسەر دەکات**

**لە هەرێمی کوردستان نیوەی زیاتری خوێندکاران کچانن، کاتێک سەرۆکی زانکۆ ئافرەت بێت، ئەوە دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ کچانی خوێندکار کە بۆ پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونیان لە ڕەوتی خوێندن و زانست زیاتر متمانەیان بە خۆیان هەبێت**

**هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا ئەو لایەنانە لەبیر نەکات کە ئافرەت دەتوانێت تێیدا ڕۆڵی کارا ببینێت**

## ئافرەتێکی بەساڵاچوو:

# بووکەکانم دەڵێن ئەگەر لە دەست و پێ بکەویت بەخێوت ناکەین و فڕێت دەدەین

**دایکان و باوکان مەینەتیی زۆر دەچێژن، هەتا بتوانن منداڵانی خۆیان بە باشترین شێواز پەروەردە بکەن. ئەوان هەتا دواساتی ژیانیان هەوڵ دەدەن، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەش بۆ رۆڵەکانیان دروست بکەن، بەڵام لە کاتی پیری و بەساڵاچووندا زۆر جار منداڵەکانیان لە بری قەرەبووکردنەوەی رەنج و ماندووبوونیان، لێیان بێزار دەبن، تا ئەو رادەیەی کە ناچار دەبن پەنا بۆ خانەی بەساڵاچووان ببەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر خەمی منداڵ بەرۆکیان بەرنادات، هەتا ئەو ساتەی خاک لە ئامێزیان دەگرێت. لەم دیدارەشدا ئافرەتێکی بەساڵاچوو باسی ژیان و ئاریشەکانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

جلوبەرگێکی سەرتاپا رەشی لە بەرە و بە لەچکەکەی پرچی سپیی خۆی داپۆشیوە. چاوەکانی پڕن لە نیگەرانی و هێڵەکانی تەمەن نێوچەوان و گۆنا و چەناکەی پڕلۆچ کردووە. کاتێك باسی منداڵەکانی دەکات فرمێسك تەنگی پێ هەڵدەچنێت. ئەوە دیمەنی دایکێکی بەساڵاچووە کە خۆی بە «خەدیجە رەسووڵ» دەناسێنێت. وەك خۆی باسی کرد، تەمەنی لە ٧٠ ساڵ تێپەڕیوە و ژیانیشی هەوراز و نشیوی زۆر بووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەتا گەنج بووم، هیچ خۆشیم نەدیت، مێردەکەم لەگەڵم زۆر توند بوو، ئەگەر ئێستا سەرم بتاشن، ئینجا دەزانن مێردەکەم چەند زاڵم بووە لەگەڵم، سەرم هەموو نیشانەی شکانەکانی هەر پێوە ماوە کە هەموو جار بە دار حەیزەرانەکەی لێی دەدام، هەشت منداڵی سەرکە و بنکەمان هەبوو، رۆژێك تێر و دوو رۆژ برسی بووین، مێردەکەم دووکاندار بوو، دواتر لەگەڵ زاواکەی کاری عەقاراتی دەستپێکرد، هەتا وای لێهات دەوڵەمەند بوو. بەیانییەك چووە دەرەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەگەڕایەوە. سەرەتا زۆرم خەم بۆی خوارد. شەو و رۆژ بۆی دەگریام، جێگە نەما بەدوایدا نەگەڕێین، هەتا رۆژێکیان یەکێك لە برادەرەکانی هات و گوتی: مێردەکەت زیندووە و هیچ عەیبی نییە، لە بەغدا ئیش دەکات. دوای ئەوە زانیمان لەوێ ژنی هێناوەتەوە، ئیدی منیش فەرامۆشم کرد، منداڵەکانم بە کارکرن لە ماڵان گەورە کرد، هەموویانم کردە ساحێبی ژیان و ماڵی خۆیان. هەتا ئیشم پێ کرا، کوڕ و بووك رایان دەگرتم، کە تاقەتم نەما، لانکیان پێ دەهەژاندم و دایەنیی منداڵە وردکانیان پێ دەکردم، کە هێزی ئەوەشم نەما، ئێستا بێزاریم لێ دەکەن، بووکەکان پێم دەڵێن: ئەگەر لە دەست و پێ بکەوی بەخێوت ناکەین و فڕێت دەدەین.»

**منداڵەکانم بە کارکردن لە ماڵان گەورە کرد، هەموویانم کردە ساحێبی ژیان و ماڵی خۆیان. هەتا ئیشم پێ کرا، کوڕ و بووك رایان دەگرتم، ئێستا بێزاریم لێ دەکەن**



لەمبارەیەوە چالاکی مافناس عیماد ئەحمەد هێما بۆ ئەوە دەکات کە «دایك سەرچاوەی سۆز و خۆشەویستی و ژیانە و سۆزی خۆی بێ سنوور بە مداڵەکانی دەبەخشێت و لە بەرامبەردا داوای هیچ ناکات، تەنیا بەختەوەریی منداڵەکانی نەبێت. دایك رووناکییە بۆ ژیانی ئێمە و دەتوانم بڵێم هیچ وشەیەك ناتوانێت پێناسەی ئەوە بکات کە دایکی مەزن تا چەند هێز و متمانە دەبەخشێتە منداڵەکەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیانی، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆر لە دایکان ئێستا بێ ناز و بێ سۆز و خۆشەویستی و خزمەتکردن کەوتوون لەسەر شەقامەکان و بۆ پەیداکردنی ژەمە نانێك، یان بۆ دەستکەوتنی پارەی دەرمان سواڵ دەکەن. زۆرن ئەو دایکانەی خاوەنی کۆمەڵێك منداڵن، بەڵام بەداخەوە وەجاغ کوێرن، چونکە هیچیان سوودیان نییە بۆ دایکیان و بگرە زۆر جار توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دەدەن. بۆیە راستیان گوتووە وەجاغ کوێری تەنیا ئەوە نییە کە منداڵت نییە، بەڵکوو ئەوەیە کۆمەڵێك منداڵت هەبێت و هیچیان لە تەمەنی پیری بەسەرت نەکەنەوە. بەداخەوە بەم ساڵانەی دوایی ئەگەر سەیری دادگا و بنکەکانی پۆلیس و نووسینگەگانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بکەین، دەبینین ژمارەی ئەو دایکانەی توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دراوە، چەند زۆرن و رێژەکەشیان لە بەرزبوونەوەدایە. بەهەمان شێوە رێژەی ئەو دایکانەش کە لە خانەکانی بەساڵاچووان دادەنرێن، لە بەرزبوونەوەدان، هەر چەندە زۆربەیان خاوەنی منداڵن. بۆیە پێویستە لەسەر هەموومان رێز لە دایکمان بگرین، ئەگەر تا ئێستا لە ژیاندا ماون، دەبێت بە جوانترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، دەبێت ئەوەش بزانین کە هەر چەند خزمەتیان بکەین، ناتوانین قەرەبووی چاکەکانیان بکەینەوە.»

**ئەگەر سەیری دادگا و بنکەکانی پۆلیس و نووسینگەگانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی بکەین، دەبینین ژمارەی ئەو دایکانەی توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دراوە، چەند زۆرن و رێژەکەشیان لە بەرزبوونەوەدایە**